## له دەشتی مەندەمەرەوە بۆ سولی ئاڵی سێمان

له هەڵکەوتێکی بەختیارانەدا بیست و هەشتەمین گەشتم بۆ وەڵات به هاوسەفەری دۆستێکی خۆشەویست بوو که ماوەیەکی دوورودرێژە دوورەوەڵاتە، کەفوکوڵی غەریبایەتی دۆست و عەشقی لەبن نەهاتووی من بۆ سروشتی کوردستان، گەشتێکی دوورڕۆژەی بۆ کوێستانەکانی ئاکۆیەتی لێ زا.

پاش بڕیاردانم و بانگهێشتی دۆستانم بۆ گەشتەکە، پەیوەندیم گرت لەگەڵ کاک حەمەدئەمینی خدر ئاغا که دۆستێکی خۆشەویستمه له سەنگەسەر، گەشتێک بەرەو کوێستانەکانی ئاکۆیەتیمان بڕیار دا، هەر زوو دۆستم بەرنامەی گەشتەکەی ساز کرد و لاوێکی خزمی خۆشیانی وەک ڕێبەر بۆ گەشتەکەمان ئامادە کرد.

گەشتی ئەمجارەمان پێکهاتبوو له کاک کاوەی دۆستی دورەوەڵات به هاوەڵی دوو هاوڕێی و له چیادۆستیشەوه لەبەر ناسازی کاتی گەشتەکه که کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بوو، هاوکات خۆشم ئارەزووی جەنجاڵیم نەبوو، تەنها من و کاک پشدەر و کاک شەماڵ (ڕێبەرەکەمان) بووین.

ڕۆژی پێنجشەممه ڕێکەوتی 15-05-2011 لەسەر داوای کاک حەمەدئەمین هەموان له سەنگەسەر کۆبووینەوە و نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد، که بەقسەی خۆیان نانێکی ئاسایی بوو، بەڵام له شاردا گەر به تایبەتیش بانگهێشت بکرێیت هەرگیز نانی وەها خۆشمەزە ناخۆیت، بەربەسێڵ (قوڕاو) نانی سەرەکی نیوەڕۆمان بوو. من زۆر نانی پژدەریانم خواردوە، سفره و خوانی ئەوان بێ وێنەیە، پێم وایه هەم لەڕووی ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی سفره و هەم له ڕووی بەتامی و جۆری خواردنەوە تا ئێستاش ئەو فەرهەنگەیان پاراستووە. پاش نانخواردن، کاک حەمەدئەمین ئۆتۆمبێلێکی بۆ ئامادە کردبووین و به هاوەڵی خۆی بەرێکەوتین بەرەو پشدەرەڕەقه، له سەنگەسەرەوە بەرەو گوندی قادراوا و لەوێوە به ڕێیەکی چەورێژی ناخۆشدا به ڕووباری گاڕفێندا پەڕینەوە و یەکەم گوندی ئەم ناوچەیه گرتکه و پاشان به گوندەکانی دیکەدا که نێزیکه نیو سەعاتێکی خایاند، ڕێمان کرد.

سنووری پشدەرەڕەقە (ڕەقە، مەبەست لە بێئاوییە) لە ڕووباری لای ڕۆژهەڵاتی سەنگەسەرەوە دەست پێدەکات، نێوان هەردوو ڕووباری ڕۆژهەڵات و گاڕفێنیش هەر بێئاو بووە تا ساڵی پەنجاکانی سەدەی ڕابووردوو کە پرۆژەی ئاودێری بۆ کراوە لە سەردەمی پاشایەتییدا و ئەم ناوچەیە بوەتە «بەراو» بۆ کشتوکاڵ. پشدەرە ڕەقە لەم گوندانە پێکهاتووە بە شارەدێی سەنگەسەریشەوە، «چۆمەسوتاو، تووەسوران، ئاشوران، بازاوا، قادرئاوا، گرتک، دووگۆمان، گەڵو (ماخۆبزنان- واتە بزندار، هەروەها دەتوانیت بە مەڕداریش بڵێیت «ماخۆمەڕ»، «ماخۆ» واتە خاوەن)، دووپان، زەنگڵان، مەمەکان، جەلکان (دواوان)، پیرانان (بازان)»، سنووری چیاکانیش بەم شێوەیەیە، گەر لە سەنگەسەرەوە بەرەو باشوور بڕوانیت، لە دەستی چەپەوە لە دەربەندی ڕەمکانەوە شاخی کێوەڕەش دەست پێدەکات، لە باکووریشەوە لە گوندی «دەروو کۆتر» ەوە چەند چیایەکن کە درێژدەبنەوە بەم شێوەیە، «بەنەباریک، مالکە، پانەسەری دوگۆمان، خڕکە، پانەسەری مەمکان، ساوان، زێڕینکێو، موسۆن، دۆڵئاواژوو» ە. هەردووک ڕیزە چیا لە باکوور و باشوورەوە درێژ دەبنەوە بەرەو ڕۆژاوا تا لە گوندی «پیرانان» یەک دەگرن، لە نێوان ئەم دوو چیایەشدا دەشتێکی تەختی وشکە کە پێکهاتوە لە چەو و خاکێکی گەچین کە ئاو بەخۆی ناگرێت، لە پاش باران بارین هەموو دەشتەکە سپی دەچێتەوە (ئەم سەرنجەی دەربارەی پێکهاتەی دەشتەکە، مامۆستا مەسعوود محەمەد لە گەشتێکیدا بۆ پشدەر ئەم سەرنجەی گرتووە و لە کتێبی «گەشتی ژیانم» دا نووسیویەتی)، سەرلەبەری دەشتەکەش پێی دەگوترێت «مەندەمەرە».

ئێمە لە گوندی جەلکان پیادەبووین لە ماڵی دۆستێکی کاک حەمەدئەمین بە ناوی برایم کوردە. دواگوندی پاش جەلکان، پیرانانە لەم دەڤەرەدا، پژدەرەڕەقە بەشێکی لە عەشیرەتی ئاکۆییانی لێ نیشتەجێیە، کە ناسراون بە «ئاکۆڕەشکە». شایانی گوتنە ئەم دەڤەرە یەکێکە لەو ناوچانای کە بەدرێژایی مێژوومان لانکەی شۆڕشەکان بووە، بەڵام کە دەیبینیت وەک زۆر گوندەکانی دیکەی وەڵات هێشتا هەر لە ژیانێکی سەرەتاییدا دەژین، تەنانەت جادەیەکیشیان نیە بە جادان بچێت!!

ئەوجا، پێش ئەوەی بەردەوام بین لە گەشتەکە، با هەڵوەستەیەک لەسەر پێکهاتەی «ئاکۆ ڕەشکە» بکەین لەم دەڤەرەدا. لە باوباپیرانەوە دەگێڕنەوە کە سێ برا هەبوون لەم ناوەدا بە ناوەکانی «مەمند، بەهادین، خەلیل»، کە ئەمڕۆ بوونەتە سێ تیرەی جیاواز و بەم ناوچەیەدا بڵاوبوونەتەوە، ئەوانیش تیرەکانی «مەندەمەرە (لە مەمەندەوە)، باوەبی (لە بەهادینەوە) و خەیلە

(لە خەلیلەوە)، مەندەمەرە، هەموو گوندەکانی پشدەرەڕەقە دەگریتەوە. باوەبی، گوندەکانی «لیۆژە، ئێندزێ، قڕناقە، پشتئاشان، بڕەدێ، شیوێ، ڕەژی‌کەریان»، گوندەکانی تیرەی «خەیلە»ش، پێکهاتوون لە «بۆلێ، ئەستێرۆکان، بایەوان، دویڵێ، کۆمتان، خێوەبیان». تیرەیەکی دیکەش هەیە لە سنووری لای ڕۆژهەڵاتەوەکە بە «شارۆشی» ناسراون، سنووریان بە مەنگوڕایەتییەوەیە، گوندەکانی «کاسکان، شارۆش، سینەمۆکە، دەرگەی نێڵ، سورەدێ، ئاشقولکە، بەردی کوڕان، پرد مەمکە، دەرووکۆتر» دەگریتەوە. گوندی «سڵێ» ش بەتەنها سەر بە خانەوادەیەکە کە بە «مەروان» دەناسرێت، ئەمانە تەنهان و لەم گوندەدا نیشتەجێن، دەڵین لە دێر زەماندا، گەر ئەم تیرانە بەشەڕهاتوون، ئەمان مەسلەتییان کردوە (»مەسلەتی» واتە «پێکهاتن»، خۆی وشەکە عارەبییەوە و لە «مصلحة» وە وەرگیراوە، پژدەر بەناوبانگن بە سازدان و کوردان‌دنی وشە لە زمانی دیکەوە، بە تایبەت عارەبی).

بێینەوە ناو گەشتەکەمان، لە ماڵی کاک برایم لەگەڵ ئەوەی هەموو ماڵیان پێچابووەو بەنیازی گەشت بوون بەرەو کوێستان، وەڵسات (مەڕومالات) یان پێش خۆیان بەرێ کردبوو و بڕیار بوو خۆشیان ئەمڕۆ سبەی بچنە کوێستانەکانی قەندیل. ماڵەکەیان کەمێک بێسەروبەر بوو، بەڵام هەر زوو ماستاوێکی خەستوخۆڵیان بۆ هێناین و چاشمان کرد بەسەردا. پاش وچانێک ماڵئاوایمان لە شۆفێرەکە و کاک حەمەدئەمین کرد و کاک ئیبراهیمیش تا لە گوند دەری کردین لەگەڵمان هات بۆ ڕێنوێنی و پاشان بە قەدپاڵی چیاکەدا بەرێ کەوتین بە پشت گوندی پیراناندا، و یەکەم پشوومان لە پشت گوندەوە لە «گۆڕە سمان» بوو کە تەختاییەکی زۆر ڕێک بوو لە ناو ئەو هەموو بەردەلانیەدا. پاش قۆناخێک ڕۆیشتن کە نێزیکەی دووسەعاتێکی برد، گەیشتینە سەر «کانیە سمان»، لەوێ پشوویەکمان دا و دیسانەوە بە ناو دارستانێکی تا ڕادەیەک چڕدا ڕێمان کرد بەرەوە زینوێ (لەم ناوچانەدا کە لە شاخێک ئاوا دەبیت بەو شوێنە بەرزەی چییاکە دەڵێن «زینوێ»، لە ناوچەی پشت قەڵادزێ بە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێی دەڵێن «کەناڵ»، «زینوو» لووتکە نیە).

لەگەڵ ڕێ ڕۆیشتندا تەماشای پاش خۆمان دەکرد کە چیای کێوەڕەشی پشتی ڕانیەیە کە بەرەبەرە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئێمەدا ئەویش نزم دەبۆوە، هاوکات وردە وردە شەپۆلێکی تۆزوخۆڵی چڕ هەڵی کردبوو، دیمەنی چیاکانی لێ دەشاردینەوە.

خزمینە، ئەم وەڵاتە پڕە لە بەرخوردان و قوربانی، کە لە هەورازەکان بەسەردەکەوتین بەپشت گوندی پیرانانەوە، بە عادەتی خۆم هەمیشە لە دوای هەموانەوە دەڕۆم بۆ ئەوەی کەس جێ نەمێنێت و ئاگاداری ڕەوتی ڕۆیشتنەکە بم، لەو تەنهاییە و نەرمی هەنگاوەکانمەوە، قسەکانی کاک حەمەدئەمین تەواوی هۆشیان داگیرکردم، ئەوجا تۆش لەگەڵ من بفەرموو بۆ ئەم داستانە:

کات زەمانی مەلیکە و دەوروبەری ساڵی1957، خدر ئاغا کوڕی عەولای باوڵئاغایە، باوکی کاک حەمەدئەمین براگەورەی تەواوی «مەندەمەرە»یە، کە دەکاتەوە هەموو پشدەرەڕەقە و لە ناو تەواوی ئاکۆیەتیشدا زۆر ڕێزلێگیراوە. بەهۆی ژێرئاوکەوتنی گوندەکان، کە بەشێکی زۆر لە خاکی گوندەکانی ئاکۆیەتییشی گرتەوە، دەوڵەت پەیوەندی بە براگەورەکانەوە دەگرت بۆ بژاردنی ئەو خاکانەی ژێراوکەوتوون، بژاردنەکەش پارە بوو. کە نۆبەت دەگاتە خاکی ئاکۆیان، بەرپرسی کارەکە لەگەڵ قائیممەقامی ڕانیە، مودیری ناحیەی سەنگەسەر و بەڕێوەبەری پۆلیس دێنە خزمەت خدر ئاغا، پاش نانخواردن، بابەتەکەی بۆ باس دەکەن و داوای لێ دەکەن کە بەزیادەوە ئەو خاکەیان ژێرئاو دەکەوێت بینووسن و تا ئەمانیش قەرەبوویەکی باشی بۆ بنووسن، باسەکە زۆر لەبار دەبێت تا دێتە سەر باسی مەرجەکان، ئەو کات خدر ئاغا نایسەلمێنێت. مەرجەکەش ئەوە دەبێت کە تەنها خدر ئاغا و دەست و پێوەندەکەی دەبێت لە لیستی قەرەبوەکاندا بن واتە تەنها «مالیک»ـەکان ناویان دەنووسرێت و جوتیارەکان هیچ!!، خدر ئاغا باسی خەڵکە هەژارەکەیان لەگەڵ دەکات، بەڵام دەسەڵات نایسەلمێنێت و قسەی بێسەر و بەریش دەکەن، خدر ئاغاش زۆر مەردانە لێیان دێتە دەست و هەموویان چەک دەکات و بەڕوونیش تێیان دەگەیەنێت گەر هەمووان لە لیستی ناوەکاندا نەبن، ئەوا ئەمیش نایەوێت. دەسەڵات دەگەڕێتەوە ڕانیە و فەرمانی دەستگیرکردنی خدرئاغا دەدرێت، جگە لەوەی بەرپرسی پرۆژەکە سوێند دەخوات کە ناوی ئاکۆییان لە لیستدا بسڕێتەوە، قسەکەشی هەروا دەرچوو.

خدر ئاغاش بە ناچاری و تەنها دەداتە چیا و چەند ساڵێک تا بەرپابوونی شۆڕش هەر لە چیا و لە دەسەڵات یاخی دەبێت. ئەوەی من ئاگاداری مێژووی ئەو کاتە بم، ئەم پیاوە تاکەکەس بوو کە غەدری خزمانی خۆی نەسەلماند، بە بەرچاوانەوە چەندین براگەورەی دیکەی ناوچەکە وەهایان کرد کە دەسەڵات دەیویست و بۆشیان چووە سەر.

لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕش، خدر ئاغا بەوپەڕی شانازییەوە و بەهەموو خزمانی ئاکۆیەتییەوە بەشداری شۆڕش بوو، لە تەواوی ئەو پازدەساڵەدا، یەکێک بووە لەو کەسانەی کە قسەی لای مەلا مستەفای بارزانی نەگەڕاوەتەوە و بێوەستان سەرەدانی کردوە. هاوکات لە دڵسۆزیشدا هاوشانی کەم بووە.

خدرئاغا لەدایکبووی ساڵی 1909 یە، پاش ڕووخانی شۆڕش، لەگەڵ ئەوەی چۆتە تەمەنەوە بەڵام هەر چەکی دانەناوە و لە ناوچەکەی خۆیدا و لەگەڵ خزمانیدا هەر بەردەوام بووە لە خەبات، تا لە 20-10-1978 دا بەیانییەکی زوو لە گوندی پیرانان دەبن لەگەڵ کاک حەمەدئەمینی کوڕی و دووکەسی خزمیدا، هەواڵیان دەگاتێ کە دەوریان بە عەسکەر گیراوە، ئەمانیش بێدەنگ تاریک و ڕوون دەبێت و دەیانەوێت لە گوند دەربچن، پاش شەڕێکی قارەمانانە، لە سەرووی گوندەکەوە و لە نێزیک ئەو ڕێیەی کە ئێمە پێیدا دەڕۆین، خدر ئاغا لە تەمەنی شەست و نۆ ساڵیدا شەهید دەبێت بەڵام هاوەڵەکانی هەر کۆڵ نادەن تا تەرمەکەی ڕزگار دەکەن. ئەم پیاوە قارەمانە، دەبێت بەتایبەتی سەرگوزەشتەکانی بنووسرێتەوە تا نەوەکانی داهاتوو هەم ڕێزی ڕابووردوی خۆیان بزانن و هەم لەمانیشەوە فێری بەخشین و دڵسۆزی ببن.

بەم خەیاڵە پڕ جۆش و خرۆشەوە ڕێم دەکرد و کە ماوەیەک تێپەڕین گەیشتینە «تاڵیتۆس» (جۆرە گیایەکە، بەڵام بەم شوێنە دەڵێن، چونکە ئەو جۆرە گیاییەی لێیە)، پاشان نێزیکی زینوی گوێزێ بووینەوە، ئەوجا سێرەم لە ڕێیەکە گرت و بیرێکیشم گێڕایەوە بە تەواوی ئەو ڕێیەی بڕیبوومان بۆم دەرکەوت کە ئەم ڕێیە لە دێرزەماندا ڕێی سەرەکی نێوان باڵەکایەتی و پشدەر بووە چونکە پانی و تەختی و ڕێکی ڕێگەکە ئەم ڕاستییە پێشان دەدات.

لە کاتی سەرکەوتندا چەند وەڵاخەبەرزیەکمان بەرەوڕوو دەبوونەوە بەڵام بەتەنها بوون، کورتانی ئاڵاوواڵایان پێوەبوون کە لە دوورەوە سەرەنجی ڕێبوارانی ڕادەکێشا، بە ئاسپایی و بێترس لێمان ڕەت بوون و پاش کەمێکی دیکە گەیشتینە کۆمەڵێکی دیکە کە کچۆڵەیەکی جوانی بەسەرەوە بوو، بەدەم ڕۆیشتنەوە سڵاومان گۆڕییەوە و پرسیارمان لێکرد، وەڵامی داینەوە کە کۆچیان بردوە بۆ کوێستان و ئێستاش دەگەڕێنەوە. پاش کەمێکی دیکە بە کۆمەڵێک پیاو و کوڕی لاو گەیشتین کە پیادەبوون، زۆر گورجوگۆڵ لەشسووک، کەمێک پێکەوە وەستاین و ئێمە خۆمان ناساند و کەمێک پرسیاری ڕێمان کرد، کاک شەماڵ خۆی خەڵکی ئاکۆیەتیی دۆڵەڕەقەیە، هەر زوو لێمان بێگومان بوون. ئەوەی ڕاستی بێت کە دەچینە چیا هەموو جار توشی ئەو گومانە

دەبین لەلایەن ڕێبوارانەوە، چونکە ئێمە هەموو کۆڵەپشتی گەورەمان بە شانەوەیە و هێواش هێواش ڕێدەکەین، ئەوانیش ئەم جۆرە مرۆڤانە بۆیان نامۆن، بەڵام هەر کە کەوتینە قسە زوو گومانیان دەڕەوێنینەوە و کەمێک بە خۆشی سروشت و ناوچەکەدا هەڵدەدەین، بەڵام بۆ ئێمەی شاری وەهایە، ئەوان زۆر لەو ژیانە بێزارن، هەقیشیانە زۆر سەختە!!.

دۆستان کەمێک پێش من گەیشتنە زینوێی گوێزێ و لەوێوە چیای قەندیل و ئەو دۆڵەی کە بەرەو گوندی «ئێندزێ» لە بناری قەندیل شۆڕ دەبێتەوە دیارە لەلایەکەوە، لایەکەی دیکەش دۆڵێکی چڕ و پڕ بە داری هەمەجۆر، هەتا چاو بڕ دەکات هەر سەوزە، بەڕاستی دڵبەرە. لە هەندێک شوێنی ئەم ڕێیەدا بە ناو داری چڕی هەمەجۆردا ڕێدەکەیت، فەرموون ئەمەش هەندێک لە ناوی ئەو دارانە، «مازوو، لێلۆ، بەڕوو، سۆرەدار (ئەمە جۆرێکە لە بەڕوو، بەڵام ڕێک و بەرزە)، کنێر (بۆنی زۆر خۆشە و بۆ گۆچان بەکاری دێنن)، گوێژ، بناو (تایبەتە بۆ دروست کردنی گۆچان)، دارەبەن (داری قەزوانە، لە کاتی سەرکەوتندا دارەکان هێشتا قەزوانی فەریکیان پێوەبوو، گوندنیشینان دەیکەنە دۆ و ماستاوەوە، لە شاریش بۆ ناو ترشیات بەکاری دەهێنن)، گەوەت (ئەم جۆرە دارە لە کۆندا دەفر و پێخۆریان پێ دروست دەکرد، پێخۆر، بە کەوچک و چەتاڵ و ئەم بابەتانە دەڵێن).

لە «زینوێی گوێزێ» وە هەر قۆناخێکمان دەمێنێت و بۆ هەواری یەکەم، بەدەم گۆرانی گوتنی کاک شەماڵەوە بە قەدپاڵی چیادا ڕۆیشتین و کەوتینە کوێستانەوە، بۆ من دیتنی درەختی «گەون/گوێنی» یەکەم پێشوازییە لە کوێستانەوە. پاش کەمێک ڕۆیشتن ئەوجا کەوتینە ناو بازنەچیایەکەوە کە هەرچوار لا بە لووتکە بەرز دەورە درا، کەمێک شۆڕ بووینەوە بەرەو دامێن، لە دوورەوە ڕەشماڵەکانمان دەدیتن و ئێرەش بە کوێستانی «وێج» ناسراوە، لێرەش بە ڕەشماڵ دەڵێن «تاوڵ».

ئێوارەیەکی تاریکوڕوون و چڕی خۆڵبارین، دونیای کەمێک لێڵ کردبوو، لەگەڵ ئەوەی لە کوێستاندا ئەو کاریگەریەی نیە بەڵام هەر کەمێک لێڵ بوو، چەند ڕەشماڵێکمان تێپەڕاند کە دەکەوتنە لای خوارمانەوە، سڵاومان لە چەند دانەیەکی دیکەش کرد لەسەر ڕێمان تا نێزیکی دواهەمین ڕەشماڵ بووینەوە، پیاوێکی گەنجی سوروسپی و کەمێک بۆربوو بە خۆڵ و هەتاوی کوێستان، بەرەوپیرمان هات و بەڕوویەکی زۆر خۆشەوە ڕێی لێ گرتین، وا دیاربوو خێزانێکی گەورە بن چونکە منداڵێکی زۆر لە هەموو تەمەنێک لەبەر ڕەشماڵەکەدا لە ئێمەیان دەنۆڕی.

کابرایەکەش ناوی کاک ئیسماعیل بوو، سەرەتا ئێمەش لەبەر ماندووبوونی ڕێگە ویستمان بە سڵاوێک ڕزگارمان بێت و بچینە جێیەک دابمەزریین، بەڵام بێ سوود بوو، گوتی« *تا نەزانین ئێوە کێن و چ کارەن ناهێڵین بڕۆن، خۆ ئێرە وەڵاتی بێ حکوومەت نیە ...* »!! ئافەرین چیانشین، وەڵاتپارێزیت ئەوەندە بەرزبێت نەهێڵیت هیچ کەسێک بێ پرس لە ناوچەکەتدا تێپەڕێت.

کە زانیم مەسەلەکە جیدییە ئیدی لێی نێزیک بوومەوە و لەگەڵ کاک شەماڵدا کردمانە شۆخی لەگەڵ کاک ئیسماعیل و خۆمان بە دروستی پێناساند، ئەویش زۆری لێکردین کە مێوانی ئەو بین بەڵام نەمانسەلماند، هەر لە جێی خۆیەوە دەستی درێژ کرد بۆ سول (تاڤگە) یکی بچووک کە سەد مەترێک لە خۆیانەوە دووربوو، گوتی « *لە هۆو چەقەڵە هەڵدەن، تەنها ئەوێ تەختانیە* »، تومەز لەم ناوچەیە بە کۆمەڵە بەردێک کە کۆ بووبێتەوە و وەک بڵێی هەڵتۆقیبێت دەڵێن «چەقەڵ»، ئێمەش یەک لە دووی یەک بەڕێکەوتین بەرەو جێی هەوارمان، کاک شەماڵیش بەدەم قسانەوە سەتڵێک ماستی لە خزمان وەرگرت بۆ ناشتا (نانی بەیانی)، هەر زوو چادرمان هەڵدا و لە سولەکە خۆمان فێنک کردەوە و نانمان خوارد، ئەوجا لە ژێر ئاسمانێکی نیوە ڕوون و نیوە لێدا خەوێکی وەهامان لێکەوت کە بەیانی بە زەحمەت بەخەبەر هاتین. دمەو بەیانییەکی زۆر زوو بوو، دەنگی زەنگۆڵەی وڵسات (مەڕوماڵات) دەهاتن، هەرچیم کرد نەمتوانی لە چادر وەدەرکەوم و وێنەیان بگرم. ئەوجا هەستم کرد کە لە مێژە وەرزشی دروستم نەکردوە، بۆیە بەڕۆیشتنێکی وەها ئاسان و کەم شەکەت بووم.

سەرلەبەیانییەکی درەنگ یەک لە دوی یەک لە خەو هەستاین و نانمان خوارد، ئەوجا بار و بارخانەمان کۆکردەوە و بە ئومێدی ڕێکەوتن بۆ کوێستانە ساردەکانی «بێرمکە»، لە خۆ پێچانەوەدا بووین کە کاروانی دیکە لە گوندی پیرانانەوە گەیشتنە لامان و تێپەڕین، دوا کاروانیان کە ژنێکی کامڵ و کچێکی لاو کە هەردووکیان سوارە بوون لەگەڵ لاوێکی ڕشت لە سەرچاوەی سولەکە لایان دا بۆ ناشتا، سەرچاوەی سولەکەش «کانی دەنگالێ» یە. پاش کەمێک شۆخی و دەمەتەقە لەگەڵ خانمەکەدا، لە پەناوە و بە خواستی کاروانچی، دۆستانمان جانتایەکی شانیان دا بەکۆڵی یەکێک لە وەڵاخەکاندا بەمەبەستی گەیاندنی تا سەر لووتکە، دۆستەکەمان ناحەقی نەبوو جانتاکەی زۆر بەدبار (ناقۆڵا) بوو.

نەرم نەرم دەستمان کرد بە ڕێکردن، ئەوجا وڵسات لە لووتکەوە بەرەو دامێن بۆ ئاودان شۆڕ دەبوونەوە، زۆر سەیر بوون، ئەمە یەکەم جار بوو کە بزنی لەو هەموو جۆر و ڕەنگەم دیتبێت،

ئەوەندە چوست و چالاک بوون هەر نەبێتەوە، کە دەگەیشتنە ئێمە، هەموو بە تورەییەوە تێمان ڕادەمان، پاش کەمێک کە دڵنیا دەبوون ئەوجا تێدەپەڕین. ئەمەش ناوی هەندێک جۆری بزن، «کوور (بزنی سپی، بەبزنی یەکساڵەش دەڵێن)، مەرەز (بزنی قاوەیی مەیلەو بۆز)، جەنگێڵ (شینی قەزوانی)، مانی، قۆچپان، قوتە، گۆڵ (بزنی ڕەش)، بزنە پەل»، هەندێک زانیاریم دەربارەی ناو و تەمەنەکانی مەڕ و بزن و مانگام وەرگرت، فەرموون ئێوەش لەگەڵ من پێکەوە ناوەکانیان بەسەر بکەیەنەوە،

بزن، پێی دەڵێن «ڕەشان»، نێرەوەز (واتە نێرەکەی) کە لە دایک دەبێت «کاریلە» یە، پاش سێ مانگ دەبێتە «گیسک»، کە تەمەنی دەگاتە ساڵێک دەبێتە «کوور»، ئەوجا گرێ و پاشان قەیرە، یان نێری.

مێیەکەشی، دەبێتە «چێشتیر» پاشان «بەربادوو» یان «بواردوو».

مەڕ، نێرەکەی «بەرخ» ـە، ئەوجا «کاوڕ»، «کاوڕەبەران»، خەرت.

مێیەکەشی، پاش «بەرخ»، دەبێتە بەردیل، ئەوجا مەڕ.

بۆ مانگاش، گەر گوێی پەڵەی زەردی پێوەبێت، لووتی سپی بێت و خەتێکی ڕەش لە ملیەوە درێژ بووبێتەوە بۆ سەر کلکی، کەمێکیش لەو ڕەشاییە بەسەر دەستەکانیدا هاتبێتەوە خوارەوە، پێی دەڵێن «مانگا زەردە» ئەم جۆرە مانگایە زۆر ڕەسەنە و شیری خۆشە. ئەوجا ناو بۆ ڕەنگی جیاوازی مانگا هەیە، وەک، بەڵەک، ڕەش، بەڵەکی سوور، ڕەشە، سووری چاوڕەش (ئەم جۆرەیان زۆر نایابە)، مانگا شینە، قەشان (واتە پەڵەی سپی بە نێو چەوانیەوە بێت، ئەم جۆرە لە ناوچەی پێنجوێن و گەرمیان پێی دەڵێن «مارۆ»).

باسەکەمان لە ناو ئاژەڵدایە، دەرفەتە باسێکی وەڵاخەبەرزەش بکەم کە لە دەمی زمانی پشدەرەڕەقەوە وەرم گرتووە، ئەم کۆێستانیشینانە، ئەسپ و ئێستر بەکاردێنن بۆ کۆچ و ڕاگواستن، هەندێک جۆر و سیفەتی تایبەت هەیە کە لە ئەسپدا هەبێت ئەوا ڕەسەنایەتی پێشان دەدات، سەرەتا هەندێک لە جۆرەکانی ئەسپ باس دەکەین، ئەسپەشێ (سوورە)، سپی (ڕەنگی بۆرە)، کوێتی (سووری تاریک)، سوورخون (شین و زەردی کاڵی تارک)، شینی تاری، کوێتی قاپ ڕەش (قاپ، واتە لە ئەژنۆ بەرەوخوار)، شینکی (ڕەساسی). دەڵێن نیشانی ڕەسەنایەتی ئەسپ

ئەمانەن، سمی پان، گوێی گچکە، ملی کورت، جومگەی پێیان، واتە نێوان سم و قاپ سێ پەنجە بێت، چونکە زوو ماندوو نابێت، پشتی کورت، کلکی بەرز، سنگی پان.

بگەڕێینەوە ناو وڵساتەکان، کە گەیشتنە نێزیکمان و ئێمەش ڕاوەستاین و دەستمان کرد بە وێنە گرتن، پاشان یەک لە دوای یەک چوینە لای شوانەکان، یەکێک لەوان کاک ئیسماعیلی دوێنێ ئێوارە بوو، هەر ئەو بوو بەیانی زوو ماڵاتی بردبوو بۆ لەوەڕاندن. تا من گەیمە لایان، کاک شەماڵ کە خەڵکی ئاکۆیەتی ئەو دیوە (ئاکۆیان دوو بەشی سەرەکین، یەکیان لە سەرکەپکانەوە تا کۆتایی دۆڵەڕەقە کە سنووری لەلایەک بە باڵەکایەتییەوە و لایەکی دیکەشی خۆشناوەتی، بەشەکەی دیکەش «ئاکۆڕەشکەن» کە دەکاتەوە هەموو پشدەرەڕەقە و تا سنووری مەنگوڕایەتی و هەموو ناودەشت (کە دەکاتەوە بناری قەندیل)، سنووری کوێستانەکانیان ئەو شوێنە بوون کە ئێمەیان گەیشتینێ). لەگەڵ کاک ئیسماعیل و هاوڕێکانی دەستی کردبوو بە دەمەتەقێ و شۆخی سەبارەت بە ئەم خاکە هی ئێمەیە و ئێوە بۆتان نیە بێنە ئێرە و دەبێت باج بدەن و ئەو بابەتانە، هەردوولا زۆر کەیفییان بەو قسانە دەهات و مشتومڕ زۆر بوون، دەیانگەڕاندەوە بۆ ئەوەندە ساڵ پێش ئێستا و ئەم کوێستانانە خاکی فڵان بوو، ئەو دای بەوی و ..... خولاسە هەر پێدەکەنین و درێژەیان دەدایێ. کە من گەیشتمێ و پاش وچانێک، هەموانم بێدەنگ کرد و ئەوجا کامێرام هەڵکرد بۆ ئەوەی کەمێک زانیاری لەسەر جوگرافیای ناوچەکە و گژوگیا وەربگرم، ئەوجا فەرموون ئێوەش لەگەڵ من ئەم ناوە نازدارانە ببیستن،

لە گژو گیا، بێژان، شەکرۆک، کەنگر، گوێکەرە، گەڕەستری (خۆی «کەڕە ئەستری»یە کە لێکدراوە دەنگی «ئە» نەماوە، «ئەستری» لە ئاکۆیەتی و باڵەکایەتی بە «دڕک» دەڵێن، گوندێک لە نێوان سەرکەپکان و حاجیاوادا هەیە کە دەشتێکی پڕ دڕکە بە «ئەستریلاند» ناودەبرێت، ئەو پاشگر «لاند»ـە لەوە دەچێت ئینگلیزەکان ناویان نابێت چونکە دەبێتە «شاری یان وەڵاتی دڕک»، هەروایشە. ئەم جۆرە گیایە لای ئێمە (ناوچەی سروچک و پێنجوێن) بە «کەرتەشی» ناودەبرێت.

بێینەوە بۆ ناوی گژوگیاکان، شلاق، تیروێ، چەقال، تاڵیشک، چەوان، بەڵاڵوک، جاترە، تەرخون، کەرکۆڵ، بیزا ،کەما و چەورە (ئەم گیاییە زۆر سەوزە و خۆراکێکی باشە بۆ وەڵاخەبەرزە، خاوەنەکانیان دەیکەنن و عەمباری دەکەن بۆ وەڵاخەکانیان)، قوڕادە، ئەم گیایە دەکرێتە پەنیرەوە جگە لەوەی کە پێستەی پێخۆش دەکرێت.

شوێن و لووتکەکانی دەورووبەر، سێبەن، شاخی دەنگاڵێ، چەقەڵی کونە گورگێ، قوچی ئاشێرِ (ئەم ناوە لە ئاش و هارِینەوە هاتووە)، باسکی لاپالان، زینوێی باڵەکان، شاخی هەرزاڵە (وشەی هەرزاڵە بە شوێنێک دەڵێن کە چاک دەکرێت و لەسەری دادەنیشن و بنەکەشی شتی تێدا کۆدەکەنەوە). کانیەکانی کوێستانی «وێج» ئەم ناوانەن، کانیە قورە، کانیە سین (لە دێرزەماندا، گەر کەسێک تای هەبووبێت، ئاوی ئەم کانیەی خواردۆتەوە وەک چارەسەر)، کانی دۆدان (مەشکەیەکی بچوکە دۆی تێدەکەن، ئەم وشەیەش وەک، شەکردان، خوێدان، ...هتد، ئەی بۆ «ئاودان» لە جێی دۆلکە یان سولاحی بەکارنەیەت؟؟!!)، کانی دەنگاڵە، کانیە جیفرێ، کانی بادەڵە، کانی پیرە بانە.

نەرم نەرم بەرەوە لوتکەی «سێبەن» بەرِێ کەوتین، بۆیە «سێبەن»ی پێی دەڵێن، چونکە لەو شوێنەوە هەر سێ ناوچەی ناودەشت، دۆڵەرِەقە و پشدەرەرِەقە دیارە. کە گەیشتینە سەرێ چ دیمەنێک، لە لایەک چیای قەندیل و هەموو دۆڵەکانی بنارەکە و بەرەو باڵەکایەتی، لەم لاشەوە نیوبازنەی دۆڵەرِەقە و ئەوجا درێژ دەبێتەوە هەتا زینوێی وەرتێ کە سنوورە لەگەڵ چیای کارۆخ، بەرانبەر بە کەمێک بەلای دەستی چەپەوە، چیای «بێترخێن» وەک پڵنگی مەیدان ستوون راوەستاوە و چاودێری هەموو دۆڵەکە دەکات تا دەگاتەوە دەریاچەی دووکان، لە گەشتێکی ساڵی 2008 دا هەڵوەستەیەکمان لەو دەرووەی نێوان هەردوو چیای بێترخێن و ماکۆکدا کردوە، وای کە دڵگیرە. لە لای رۆژاوا بەلای دەستی چەپەوە چیای «ماکۆک» هاوتەریبە، دیمەنێکە مەگەر بە چاو بیبینێت دەنا هیچ قەڵەمێک وەسفی ئەو جوانیە ناکات، ئەوە ئەمساڵ لە گەشتەکەی پیرەمەگرووندا کە گەیشتینە نێوان هەردوو لووتکەی کۆتایی بە دیوی گوندی «زێوێ»دا، لەو شێوە دیمەنە نیوبازنەیەمان دیت بەڵام بە شێوەیەکی تەواو جیاواز، بەڵام هەردووکیان دڵفرِێنن.

پاش کەمێک رامان و چاوگێران و سورِان بەو سیحرەدا پشوویەکمان دا، کاکە شەماڵ رِێکەی پێشان داین لە خوار خۆمانەوە کە بە «دەرودەلاڵ» ناودەبرێت و رِێیەکە بەرەو کوێستانەکانی دۆڵەرِەقە شۆرِ دەبێتەوە. ئەوجا دەستمان کردوە بە رِێکردن بە قەدپاڵی چیادا کە کوێستانشینەکان بەو شێوە رِێگەیە دەڵێن «گەوە»، دەڵێن فلان رِێگە گەوەیە، واتە بە ئاسۆیی بە قەدپاڵی چیادا دەرِۆیت، بەرەو کوێستانەکانی «بێرمکە». پاش قۆناخەرِێیەک کە سەعاتێکی خایاند وردە وردە بەرەوە هەوراز بووینەوە و تا لە دەروویەکەوە چوینە ناو «بێرمکە»، سەرەتا بە چاڵەبەفرێکی گەورە دەستی پێکرد ئیدی بەرفرەوان بوو. سروشتی ئەم شوێنە بەرزانە زۆر

جیاوازە لە جێی دیکە، چونکە ساڵانە نێزیکە هەشت مانگێک بە بەفر داپۆشراوە، هەموو خاک و بەردەکەی ڕەنگەکەی جیاوازە وەک ئەوەیە کە سەرما سوتاندبێتی، بەردەکانیشی لە شێوەی بەردی بورکانیدا. تەنانەت ڕەنگی گژوگیاش لێرە جیاوازە.

لە یەکەم چاڵە بەفر وەستاین و دەبەی ئاوەکانمان پڕ بەفر کرد چونکە لە ڕێدا ئاومان پێنەمابوو، «کانی دەنگاڵێ» دوا کانی بوو، ئیدی لێرە تاکە ڕێگە بۆ وەدەستهێنانی ئاو، توانەوەی بەفرە، هەر لەبەرئەوەشە مەڕدارەکان چاڵی گەورەی یەک مەتر یان کەمێک زیاتر هەڵدەکەنن و پانایەکەشی هەمان پێوانە، ئەوجا نایلۆنی لێ ڕادەخەن و سەرەکەی دارەڕا دەکەن، بەفر لە چاڵەبەفرەکان بە مشار دەبڕن و دەیخەنە سەر دارەڕایەکە تا بە تیشکی خۆر بتوێتەوە، ئەو ئاوە بۆ خۆیان و ماڵاتەکانیان بەکاردەهێنن. چاڵەبەفرەکان بە گیای «چەورە» دادەپۆشن بۆ ئەوەی نەتوێتەوە. کاکە شەماڵ هەر زوو کتلی لێ پڕ کرد و چای دەم کرد، بە دەم ماندووبوونی ڕێگەوە چایەکی خۆشمان خوارد و ئەوجا دەستمان کردەوە بە ڕۆیشتن. کاکی خوێنەر، گەر ڕێت کەوتە کوێستان و ناچاری بەفر تواندنەوە بوویت، لات سەیر نەبێت هەرگیز تینویەتیت بە ئاوی بەفر ناشکێت، هەر دەخۆیتەوە و ئارەزووی خواردنەوەی زیاتر دەکەیت!!.

بەرزترین خاڵ لەم چیایەدا 2.458 مەتر بەرزە لەڕووی دەریاوە، سروشتی سەر ئەم چیایانە بە جۆرێکە کە ماوەیەک تەختاییەوە ئەوجا دەبێتە چاڵی گەورە، هەمووی بەو شێوەیەیە، هەر بۆیەشە پێی دەگوترێت «بێرمکە». لە ناوچەی برادۆست و باڵەکایەتیش بە شوێنێک کە ئاوی تێدا کۆبێتەوە لە کوێستان و گۆمی گەورە دروست بکات پێی دەڵین «بێرم». هەر سێ گۆمە گەورەکەی بناری چیای هەڵگورد لە چیای حەسارۆست بە «بێرمی باڵەک» ناسراوە.

بەو چاڵانەش کە دەست دەدات بۆ تاوڵ (ڕەشماڵ) هەڵدان دەگوترێت «گۆڕ» یان «گۆڕایی»، وشەیەکی دیکەش هەیە پێم وایە جێی خۆیەتی کە باسی بکەم، ڕۆژێکیان لەگەڵ کاک حەمەدئەمین وەستابووین لە دەم زێی بچووک، شوێنەکە دڕک و داڵی زۆری لێ بوو، کاک گوتی، ئەم جێیە «پێوار» نیە، منیش هەر زوو پرسیارم کرد لە واتای وشەکە، وەڵامی دامەوە کە ئەم جێیە دەست نادات بۆ گەڕان بە ناویدا لەبەر دڕک و داڵ، هەر زوو موچڕکەم پێداهات بۆ ئەم هەموو وشەیەی کە لە پشدەردا هەیە و ئێمە لێی بێئاگاین!!، خزمینە دەبێت چ وشەیەک هەبێت کە ڕزگارمان بکات لەم وشە پێکەوەنانە، فەرموون ئەمەش نموونەیەک، لە زمانی ڕۆژاوایدا «هاندیکاپ» لە کوردیشدا سێ وشە لێکدراوە بۆی و بوەتە «خاوەن پێداویستی

تایبەت»، نموونەی سەدانی دیکەش هەیە!!. لە مێژە لە پژدەر بە «رد فعل» دەڵێن «بەرتەک» ئەمەش لە شەڕە قۆچی ماڵاتەوە هاتووە، هەر زوو کۆڕی زانیاری کورد وشەی «کاردانەوە» ی لێ وەرگرت بۆ زاراوە زانستیەکان، بەڵام تازە بەتازە تێخوێندووی ئەمڕۆ بێئاگایانە وشەی «پەرچە کردار» یان داتاشییوە و زۆر ئازایانەش لە مێدیاکاندا بەکاری دێنن!!.

بێینەوە بۆ وشەی «پیوار»، «وار» لە بەری زێی بادینان بە «شوێن» بەکار دێت، لە کوردەواریشدا کۆمەڵێک وشەمان هەیە کە بە «وار» کۆتایی دێت، وەک، «جێوار (شوێنی هەڵدانی ڕەشماڵ)، پیوار، لێوار، شینوار، بەروار (بە جێی خوار ڕەشماڵ دەگوترێت، بەڵام لە بەری سۆران لە بری (ڕێکەوت یان مێژوو) ڕۆیشتووە، بەڵام ئەوە هەڵەیە»، زۆر سەیرە وشەی «شوێنەوار» یش لە کوردیدا جێی گرتووە کە پێکهاتووە لە دوو وشەی لێکدراو، هەردووکیشیان یەک واتایەن هەیە. وشەی «هەوار» یش پێدەچێت هەر هەمان ڕیتم بێت لە «هاوینەوار» ەوە هاتبێت، پرسیاری «هە» یەکەم کرد بەڵام وەڵامێکی دروستم دەست نەکەوت. وشەی «چێوار» لە قەرەداخ و بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە یەکێک کە «چێڵ دار» بێت دەگوترێت، جا من نازانم ئەمە لەو «جێ - وار» ەوە هاتووە کە مانگا تێیدا دەگەڕێت یاخود پیشەکەیە. ئەم سەرنجەش دەمانبات بۆ ئەوەی کە ئەم وشەی «وار» ەش جیاواز بێت لە پاشگری «وار» کە دەچێتە کۆتایی وشە، وەک [لە زاراوەسازیدا باس لە «وار» دەکات – کۆنەوار، کوێرەوار، کۆڵەوار...].

بگەڕێنەوە بۆ «بێرمکە»، کاک حەمەدئەمین ناونیشانی دۆستێکی خۆی دابووینی کە لە بێرمکە بوو بە ناوی «حەوڵای پور ئەستی (بە زاراوەی خۆیان)» کە سەرەدانی بکەین و لەوێ بمێنینەوە، لە ڕێدا توشی مام ئەحمەدێک بووین، باڵا بەرزێکی ڕەشتاڵەی باریک کە چەند دانێکی لە دەمدا مابوو، زۆر قسەی خۆش بوو، دیار بوو بە دیار ماڵاتەکەیەوە بوو، ڕەشماڵەکەشی هێشتا هەڵنەدرابوو چاوەڕێی ماڵ و منداڵ بوو کە بڕیار بوو بۆ نیوەڕۆ بگەنە لای. زۆری لێکردین کە لای بمێینەوە و گوتی گیسکێکیشتان بۆ سەر دەبڕم، بەڵام ئێمە مانەوەمان نەسەلماند، کاک شەماڵیش کەوتەوە بەزمەکەی کە لەگەڵ کاک ئیسماعیل کردی. مام ئەحمەدیش دیاربوو هەر زۆر کەیفی بەو باسە دەهات و گەرمیان کرد، پاش کەمێک پێکەنین و قسەی خۆش ئەوجا کامێرام بۆ هەڵکرد بەمەبەستی کۆکردنەوەی هەندێک ناوی ئەم

ناوچەیەش، فەرموون ئەمەش چەند ناوێکن تەنها لە دەورووبەری ئێمە کە هەمووی چەند سەد مەترێکە،

«سەربەدەرە، کەپکی کانی واری باسکێ (کەپک واتە لووتکە)، حەوشی کونە کنێر، تەپکی ئالاییێ، کەپکی گۆمە گاییێ، سەرموغاریێ، دۆدەنەمان، کەڵکەسیر، کەپکی ئەحمەدا، کانیە کوڵە، بابەکرە شەل، واری کونە شاوری، کونەتێل، گۆڕە سپی، باسکە درێژە». جگە لەوەی بەرد بە بەردیش ناوی خۆی هەیە. ئەو ناوانە من وەک خۆی نووسیونەوە، مام ئەحمەد چۆنی گوتبێت ئەوەم نووسیوە.

هەر گردێک ئەودیوی مام ئەحمەد دوو گۆڕی دیکە بوون لە تەنیشتی یەک، بە جێیەکی کە تەختایی بێت و دەوری بەرزایی بن و کەمێک فرەوان بێت پێی دەڵین «گۆڕ» ماڵی دۆستەکەی کاک حەمە ئەمین بوو، کە چوینە لایان دیار بوو کاک حەولا لە ماڵ نەبوو چووبوە بناری قەندیل بۆ هێنانی باری دووهەم، زۆر بێحاڵ بوون، ئێمەش لەبەر ماندوو بوون لە ژێر ڕەشماڵدا پشوویەکمان دا و من یەکەم کەس بووم جێم خۆش کرد و بە دەنگی خوێندنی کەو کە سەریان بە بەرِەیەکی تەنک داپۆشیبوون لە ترسی دۆستان، سەرەخەوێکمان بۆ شکاند، پاشان چایەکی خۆشمان خواردەوە و ئیدی گیر نەبووین، دەبەی ئاوەکانمان پڕ کردوو و ماڵئاواییمان کرد و بەشوێنی خۆماندا سڵاوێکمان لە مام محەمەد کردەوە و بە کەڵکی سیردا وردە وردە لە ڕێیەکی خۆشی ستوونیەوە بەرەو کوێستانەکانی دۆڵە ڕەقە شۆڕ بووینەوە، ئەم جێیەش تەواو بەرەو ڕۆژاوایە و بەرانبەر چیای «ماکۆک»ە.

سەرنجێکم بیر چوو کە باسی بکەم، کاتێک لە زینوی گوێزێ نێزیک دەبووینەوە، ئیدی دەنگی کەو دونیای پڕ دەکرد، بۆ ڕۆژی دوایی سەرنجمان دا کە ئەم ناوچەیە سنووری برادەرانی گەریلایە، لە تەواوی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئەواندا ڕاو کردن تابووە، هەر بۆیەشە خزمان کەوەکانیان داپۆشیبوو، چونکە گەر یەکێک بۆ ڕاو بێتە ئەم ناوچەیە هەر زوو دەستگیری دەکەن، ئەوە ساڵی پاریش لە گەشتێکماندا بۆ پشت شاخی «بێترخێن»، توشیان هاتین و هەر زوو پرسیاری مەبەستی گەشتەکەیان لێکردین، پاش ئەوەی کە دڵنیا بوون کە ئێمە تەنها بە سروشتدا دەگەڕێین و ڕاوچی نین، ئیدی سنووریان بۆ کردینەوە و هانیان داین کە تا دەتوانین بە وەڵاتدا بگەڕێین بۆ ئەوەی زیاتر هۆگری وەڵات ببین.

سەرنجێکی دیکەش هەیە سەبارەت بە دابەشبوونی کوێستانەکان، گوندی پیرانان کە دواهەمین گوندە لە پشدەرەڕەقە، دێنە کوێستانەکانی «وێج» و هەندێکیشیان بۆ بێرمکە، کە بەفر نامێنێت ئەوجا دەچنە کوێستانەکانی قەندیل. گوندەکانی دیکەی سەر بە تیرەی مەندەمەرە، هەمووان هەواری تایبەتیان هەیە لە کوێستانەکانی قەندیل، زۆر سەیرە، دۆستانی ناودەشت خۆیان گوندەکانیان لە بناری قەندیلە، بەڵام سەر شاخەکان هەمووی هی مەندەمەرەییانە، ئەمەش لە دێر زەمانەوە هەر بەو پەیڕەوە دەڕوات.

بگەڕێنەوە بۆ «کەڵکی سیرێ»، لێرەشەوە دیمەنێکە هەر دڵت نایەت چاوی لێ بتروکێنیت. وردە وردە بە دەم وێنە گرتنەوە بەڕێگەیەکی پێچاوپێچی دروست کراودا بەرەو دامێن شۆڕ دەبووینەوە، مرۆڤ دڵی نایهێنێت یەک ساتیش چاو لەو دیمەنانە دابڕێت، لە بەرزاییەوە پەڵەپەڵە سەوزاییمان دەبینی و کە زیاتر دادەبەزین لە بەرزایی ئەوجا ڕەشماڵ یان کەپرەکان وەدەردەکەوتن، ئەوانە هەمووی هەواری کوێستانیشینەکان بوون.

سروشتی ئەم چیایە بە شێوەیەک بوو کە هەمووی دۆڵ دۆڵە، نێوان دۆڵەکان ئەوەندە بەفری تێداماوەتەوە بەشی هەرە زۆری بە بەردی سپی سەنگرێژکراوە، پێی دەڵێن «بەستاڕ». یەکەم وێستگەمان سولی «گەڵاوەس» بوو، لەگەڵ ئەوەی بچووکە بەڵام زۆر سەرنجڕاکێشە، سەرچاوەی سولەکە لە چەند سەد مەترێک لە سەرووی سولەکەوە دێت، تا ئەو ماوەیە دەبڕێت کەمێک گەرم دەبێت کە بۆ خۆشتن دەست دەدات، ئێمەش بەگەیشتنمان خێرا دەستمان کرد بە خۆشتن لە عارەق و تۆزی ڕێگە ڕزگارمان بوو. پاشان بە قەدپاڵی چیاکەدا بەرەو باشووری ڕۆهەڵات ڕۆیشتین بەرەو نیوەبازنەکەی چیاکە، کە نێزیک بووینەوە لە دۆڵێک ،لە دوورەوە نادیار، هاژەی ئاو سەرنجتی بۆ خۆی دەبرد، من هەر زوو لەگەڵ کاک شەماڵ بەرەو هاژەی ئاوەکە دەچوین و کە دیتمان دیمەن چ دیمەن!!، ئاو لە بەرزاییەکەوە وەک دامەنی شازادە کە لە فلیمەکاندا دەیبینین چەندین کەس لە پاشەوە بۆی هەڵدەگرن، دێتە خوار و قات قات بووە دیمەنێکی زۆر سەرسوڕهێنی هەیە. بەم شوێنەش دەگوترێت «نێوسوولان». لە ناوچەی پشدەر و بیتوێن هەموو وشەیەک بە «ان» دەکەنە کۆ، ئەم سولەش لە کۆمەڵێک تاڤگە پێکهاتووە بۆیە بە نێو سوولان ناوی دەبەن.

پاش تێڕامان و کەمێک گەڕان بە نێوسولەکاندا، چومە لای کاک شەماڵ و کامێرام بۆ هەڵکرد و گوتم فەرموو ئەوجا ناوان بڵێ، کاک شەماڵ شارەزای تەواوی ئەم ناوچەیە بوو، نێزیکەی نۆ ساڵێک شوانیەتی کردبوو، فەرموون لەگەڵ ناوەکانی ئەم بەشە بچووکەی دۆڵەڕەقە،

«نێو سولان، گۆڕ بە قوڕان، کانیە کەرێ، ئۆغلان، مێراب، مۆڵەگە، بڵق بڵق، شاخی بەرد و ڕەش، بەندی تاڵاوێ، قوڵی شاورێ، ئاوە سپی، باسکی ئاوە سپی، کانی بە ڕوون، سەرڕشت، گۆمە گا، شاخی بەردی بەفرێ، کانی کەوان، کەڵکی شیلانە، نێڵێ، قوتکی سێفێ، کەپکی ئەحمەدە، شەوەورێ، باسکی سەڵاو، سولی سەڵاو، سولی گەڵاوەیس، باسکی بنەسوور، باوەشین، بەربار، بەردی گۆڕ کەنێر، کانی ماشێ، شاخی سۆر، گۆڕە سپی، باسکە درێژە».

خزمینە من لەم نووسینەمدا ئەم ناوانە دەنووسمەوە، هەر دەمەوێت لە خوێنەری بگەیەنم کە بەرد بە بەردی ئەم وەڵاتە ساڵەهای ساڵە لە لایەن باو و باپیرانمانەوە ناو نراون، بەشێکی یەکجار گەورەیە لە فەرهەنگی ئێمە، بەڵام تا ئێستا کاری لەسەر نەکراوە، گەر بێتو هەڵمەتێکی میللی بەرفرەوانی بۆ بکرێت بۆ کۆکردنەوەی ئەم ناوانە، دەبێتە فەرهەنگێکی هەزاران لاپەڕەیی ناوی کوردیی. ئەم کارەش ئاسانە تەنها بوێری دەوێت، هەزاران خوێندکاری زانکۆمان هەیە، هەزاران پێشمەرگەی چیا نەدیومان هەیە !! لە سەدەی هەژدەهەمدا لە وەڵاتی سوێد، تەواوی ڕێیەکانی وەڵات بە سەربازەکان دروست کراوە. لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابووردودا لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، کەناڵێکی ئاوی گەورە بە ناو شاری بەغدادا لەسەر دەستی لەشکر هەڵکەندراو دواتریش بە ناوی «کەناڵی سوپا -قناة الجیش» ناونرا، بۆ پاش سێسەد ساڵ ئێمە نەتوانین لە وەڵاتەکەی خۆماندا ئەم هێزە بەکار بخەین تەنها بۆ دۆزینەوەی ناوەکان!!.

بگەڕێینەوە بۆ «ناوسوولان». لەبەر تەڕ و جوانی دەور و بەری ئاوەکە، زۆربەی مێروو و گیانلەبەران بۆ ئاو خواردنەوە نێزیکی ئێرە دەبنەوە، کیسەڵ، مار، بۆق ...هتد لە دەوروبەری ئەم ئاوە زۆرن، جگە لە چەندین مێرووی وەک کولە، مێشولەی جیاواز، جۆری دیکەی مێروو کە لە شوێنی دیکە نایان بینیت. شەوانیش دەنگی گورگ و ڕێوی چەقەڵ هەر زۆر ئاساییە بۆ نێچیر دێنە دەرێ.

کەمێک لە خوار سوولەکانەوە بە لای ڕۆژاوادا هاتینە خوار و لە تەختاییەکەدا کە بە «هەوارە شینە» ناسرابوو بارخانەمان خست و دەستمان کرد بە پاککردنەوەی دەورووبەرمان کە پڕ بوو

لە پاشەرۆی مانگا، کاک شەماڵ هەر زوو لە باخێکدا پێمەڕەیەکی پەیدا کرد و ناوچەکەمان تەواو خاوێن کردەوە. ئێمە لەم کارانەدا بووین و کاک شەماڵ چوو سەردانی هەوارێکی کرد و لەو سەرەوە بە سێڵ (ساج) ێک و بڕێکی گۆشتی باشی لەگەڵ خۆی هێنابوو، هەر زوو ئاگر کرایەوە و سێڵەکەمان بە هەڵگەڕاوەیی داناو دەست کرا بە گۆشت سوور کردنەوە، گۆشتی گیسکی ئەمساڵ بوو، زۆر ناسک بوو، هەتا درەنگانی شەو بە قسەی خۆش و لەبەر تینی ئاگرێکی بەتاودا بەسەرمان برد، کە ئاگرەکەمان کوژاندەوە ئەوجا هەستمان بە سەرما دەکرد، دمەو ئێوارە کەمێک مێشولەی هەبوو بەڵام بێزارکەر نەبوون، بە کردنەوەی ئاگرەکە دیار نەمان و ئێمەش هەستمان لایان نەما.

ئەو شەوە بەخت یاوەر بوو، ئاسمان ساماڵ بوو، ئێمەش لە ژێر ئەستێرەبارانێکی ئەفسووناویدا پاش گێڕانی خەیاڵ بەناو ئەستێراندا و تا دەرکەوتنی کاکێشان (ئەو هێڵەیە کە بە کەمەرەی ئاسماندا دەڕوات وەک تەمێک وایە) زوربەمان هێشتا نەنوستبووین، بەم خەیاڵە خۆشەوە نوستین تا دمەو بەیانیەکی زوو کە لە دەنگی کاک شەماڵ بەخەبەر هاتین کە خەریکی مانگا دەرکردن بوو لە دەورمان، کە تەماشام کرد دەورمان بە مانگا گیراوە!!، ئەوجا تێگەیشتم کە ئەو هەموو پاشەرۆییەی دوێنێ بۆ لێرە بووە، تومەز ئێرە شوێنی پشوودانی ئەوانە، لەوانەیە دەست بدات بڵێی ئەم جێیە «چێوارە». بە ناچاری ئێمەش هەستاین و خۆمان کۆکردەوە نانێکی خۆشمان خوارد، هەرچی نانیشمان پێمابوو هەموویمان دانا بۆ مانگاکان. تا نانمان خوارد و خۆمان کۆکردەوە مانگاکان هەر لە دەورمان دەسوڕان و لێمان ورد دەبوونەوە، کاک کاوە گوتی مانگا هەر وایە زۆر« فزول»ە، دەیەوێت هەموو شت بزانێت، منیش گوتم دروستە، وشەی «فزولی» لە کوردیدا دوو وشە هەیە کە هەمان واتا دەبەخشێت، یەکەمیان «پرسن» و دووهەمیشیان،...... هەرچییەکم کرد بە بیرم نەهاتەوە و بوە مەراقێکی گەورە لێم، بڕوا بکە هەتا یەک هەفتەش هەر خەریک بووم هەر نەهاتەوەبیرم، پاشان بە ناچاری نامەیەکم بۆ کاک ئاسۆس شەفیق نارد و ئەویش وەڵامەکەی بۆ ناردمەوە: «کونجکاو»، منداڵ زۆر پرسیار بکات و ئارەزووی زانینی زۆر بێ، دەڵێن کونجکاوە.

بە ئارەزوویەکی سازەوە بەرەو دامێن دەکشاین، لە ڕێدا بە چەند کۆچ و بارێک گەیشتین کە بەرەو کوێستان دەچوون، پاشان بیرم کردەوە کە کوێستاننیشینان درەنگ دەچنە کوێستان، هۆیەکەشی ئەوەیە کە منداڵەکانیان فێرخوازن و تا کۆتایی تاقیکردنەوەکان نەیەت ئەمانیش

ناچنە هەوارەکانیان. پێش کەوتنە ڕێمان کاک شەماڵ دوو بژارە (ئەڵتەرناتیڤ) ی بۆ کردین، کە یەکیان ئەم ڕێیەکە کە سەرەوخوار دەڕۆین و دەچینە ئەشکەوتێک، یاخود بە نێوسوولاندا دەچینە خوار و چەندین دیمەنی تاڤگەی جوان دەبینین، ئەوەی ڕاستی بێت دەبوایە لای تاڤگەکانمان بگرتبایە بەڵام لەبەر ئەشکەوتەکە کە گوایە شوێنەوارە، ئەم ڕێیەی دیکەمان گرتەبەر، بە دۆڵێکی دلگیردا هاتینە خوار و تا گەیشتینە دەمی ئەشکەوتەکە کە دەکەوێتە لای ڕاستی ڕێیەکەوە، دەرگەکەی بچوکە و پڕ بۆتەوە، بە ناچاری لەسەر چیچکان بە بڕینی چەند مەترێک چوینە ناو ئەشکەوتێکی تاریکی شێدارەوە، کەمێک لایتمان گێڕا، هەمووی دیمەنی کلسی زۆر جوان و پڕلە شەمشەمەکوێرە بوو، بەڵاملەبەر شێ زۆر نەماینەوە و هاتینە دەرەوە.

ملی ڕێمان گرتە بەر و تا بەلای دوو بەردی گەورەی ڕوو سافدا تێپەڕین کە سەرنج ڕاکێش بوون، ئەم بەردانە بە «گوارەی کچە کافر» ناسراون، پاش هەفتەیەک لەم گەشتە، ئەم باسەم بۆ مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف باس کرد، گوتی لە دۆڵی سماقوڵی خۆشناوەتییەوە تا باڵەکایەتی و بناری قەندیل ئەمە دوازدەهەمین جێیە بە ناوی «کچە کافرەوە» هەر زوو وێنە و زانیاری شوێنەکەی لێ وەرگرتم. پاش کەمێک ڕۆیشتنی دیکە گەیشتینە ڕووبارێکی بچووک بە لای ڕۆژهەڵاتەوە کە بە لای دەستی چەپەوە دەهات، کاک شەماڵ ڕێی بەرەوڕووی ڕووبار سوڕاند گوتی دوام بکەون، پاش سێ دەقیقە ڕۆیشتن هاژەی ئاو و دیمەنی سروشت دەرکەوت، بەڵام چ دیمەن! من یەکسەر تاسام و کەمێک توڕەش بووم، دەمگوت نابێت دیمەنی ئاوەها نە لە تەلەڤزیۆن، نە کتێب و نە لە هیچ شوێنێکی ئەم وەڵاتەدا ناوی نەبێت؟! ئێمە تەنها تاڤگەی «گەلی عەلی بەگ» مان بیستووە، ئەم تاڤگەیەش هیچی وای کەمتر نیە. خزمینە باس لە جوانی ئەم تاڤگەیە ناکرێت، تاکە ڕێگە ئەوەیە دەبێت ئەرک بخەیتە بەرخۆت و ئەم بەهەشتە ببینیت.

پاش تێڕامانێکی زۆر هەموو خۆمان ئامادە کرد بۆ خۆشتن و چوینە نێزیکی تاڤگە، بەڵام کەس نەیدەتوانی لە یەک چرکە زیاتر لە ژێر ئاوەکەدا بوەستێت، ئاو بە پچڕپچڕ لە بەرزاییەوە دەهاتە خوارێ، هێزێکی هەبوو دەتگوت بە مشتەکۆڵە لێت دەدەن، هەرچۆنێک بوو خۆمان شت، بەڵام یاری و ترسی بن ئاوەکە زۆر خۆش بوو. ئەم تاڤگەیەش بە سولی «ئاڵی سێمان» ناسراوە.

پاش چارەکە سەعاتێک ڕۆیشتن گەیشتینە جادەی خاکیی، ئەمەش سەرەتای گوندی سپیاو بوو کە دوا گوندە لەم دۆڵەدا کە لە گوندی پڵنگانەوە دەست پێدەکات. بە نێو گوندەکەدا تێپەڕین.

کاک شەماڵی ڕێبەرمان خەڵکی ئەم گوندەیە، چوینە ماڵی مامی، لە ڕێدا لە بەر ماڵاندا تەختاییەکی بچووکی لێ هەیە و کاک شەماڵ داستانی گۆزەکانی بۆ گێڕاینەوە. لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردودا، خزمانی گوند بە گاجووت خەریکی جووت دەبن، لەنکاو پێی گاجووت دەکەوێت نێو چاڵێکەوە و بە ئەستەم دەری دەهێنن، تەماشا دەکەن ئەم چاڵە گۆزەیەکی گەورەیە و خەڵوزی تێدایە، دەست دەکەن بە هەڵکەندنی گۆزە، بەڵام لەبەر ئەوەی بن زەوی شێدارە و گۆزەکانیش زۆر گەورەن، یەکسەر ورد دەبن و دەشکێن، تا پیاوێکی ڕیشسپی تێیان دەگەیەنێت کە دەبێت چواردەوری گۆزەکە چۆڵ بکەن لێی گەڕێن تا وشک هەڵدێت چونکە ژێر زەوی شێدارە، ئەوسا دەبێت بیجوڵێنن، حەوت گۆزەی لێ دەبێت و چەند دانەیەکیان بە ساخی دەردێن، کە لە هەیوانی مزگەوتەکە دایدەنێن، بە داخەوە ئەویش لەم دواییەدا ورد بووە. ئەوجا بۆت دەردەکەوێت کە ئەم شوێنە لە دێر زەمانەوە ئاوەدانە و شوێنی باوباپیرانمان بووە.

چوینە ماڵی مام مەجید مامی کاک شەماڵ، خانمێکی بەتەمەنی، ڕووخۆشی، باڵابەرزی کەمێک پشتی چەماوە، زۆری بەخێرهێناین و کوڕەکەی و بووکەکەشی بەهەمان شێوە، هەر زوو ماستاوێکی خەست و خوێی بە ماسی بزن بۆ هێنان، هەتا توانیمان ماستاومان خواردەوە و ئەوەی مایەوە بە سەتڵەکەوە لەبەردەم منیان دانا و منیش دریخیم نەکرد، چونکە ماستاوی ئاوها، زۆر دەگمەنە.

پاش کەمێک مام مەجید دانیشت و دەستمان کرد بە قسەی خۆش، مام باسی کۆنی گوندەکەی دەکرد و دەستی بۆ گردێکی لای باکوور درێژ کرد کە شوێنەواری قەڵایەکی کۆنی بەسەرەوە بوو کە نیوسەعات ڕێیەک بوو لە گوندەکەوە، دەستێکی بۆ گردەکەی لای ڕۆژهەڵاتیش درێژ کرد و باسی قەڵایەکی کۆنی دیکەشی دەکرد، دەڵێن لە کۆندا ئاو لەو چیایەوە بە بۆری گڵین هاتووە بۆ ناو کۆشک، شوێنەواری ئەو جۆرە بۆریەگڵینانەم لە «مەدرەسەی قوبەهان» لە بناری شاری ئامێدی دیتووە و تا ئێستاش ماوە. بەدەم قسانەوە پرسیاری ئەو ڕێیانەم کرد کە بۆ کوێستانەکان لێدرابوون و ڕێی زۆر باش بوون، ئارەزووم کرد باسێکی لێ بزانم، کە دەستی کرد بە قسان گوتی، «*هەموو بەیانیان*» ....، منیش ڕامگرت تا کامێراکەم پێکرد و گوتم فەرموو قوربان فەرمووت «هەموو سبەینان» ....، ئەویش قسەکەی لێ وەرگرتمەوە و گوتی «*بەڵێ قوربان هەموو بەیانیان*» ....، تۆ سەرنج بدە زمان پاراویی ئەم

گوندیانە، هەرگیز ڕێنادەن بە هەڵە زمان بگەڕێت!!، بەداخەوە ئەم هەردوو وشەی «سبەینێ» و «بەیانی» لە زۆر کاتتدا بەهەڵە بەکاردێنین، بەڵام مام بۆ منی ڕاست کردوە. بەردەوام بوو بەم شێوەیە و ئەم قسانەی بۆ گێڕامەوە،

*«حاجی محەمەد، دانیشتوویەکی ئەم گوندە بوو، بەیانیان زوو دەچوە سەربانی مزگەوت و داوای دەکرد لە خەڵکی بۆ هاوکاری، بەڕێ دەکەوتن و ڕێ بەڕێی ئەم چیاو دۆڵانەیان بە پێمەڕە و نوێڵ چاک دەکرد، ڕێیەکانیان دەبڕی، ئەوەی چاڵ بوایە بە کەڵەک بەرزیان دەکردەوە و تا لەگەڵ ڕێیەکە دەهاتەوە، بە ئەمری خودا، دەستی بدایەتە هەر کارێک وەک ئاو لە دەستی دەڕۆیشت، لە ساڵی 1995 دا، گەلەکۆمەکییان کرد بۆ دروست کردنی ڕێی سەیارە لە گوندی پڵنگانەوە بۆ سپیاو، ڕێیەکە نێزیکەی چارەکە سەعاتێکە بە سەیارە، هەموویان بە بێڵ/پێمەڕە و پاچ و نوێڵ و هەندێ شوێنیش «تی ئێن تی» دروست کرد، ئەم ڕێیەی کە ئێستا دەیبینیت، بناخەکەی حاجی محەمەد دروستی کردوە.»*

تەماشای ئەم دڵسۆزی و پەرۆشییەی ئەم مرۆڤە و هەزاران مرۆڤی دیکەی ئەم وەڵاتە کە ئێمەیان تا ئەمرۆ هێناوە و ناو و نیشانیان لە هیچ زیهنێکدا نەماوە، ئەوەی حاجی موحەمەد کردویەتی، بەیەک شارەوانی گەورە و گران ناکرێت، نموونەکەشی ئەمڕۆ لە هەموو شار و شارۆچکەیەکی ئەم وەڵاتەدا لە چاوان دەچەقێ!!.

پاش پشوویەکی باش، خزمانی سپیاومان جێهێشت و بەپێ بەرەو گوندی «پڵنگان» ڕێمان کرد، کە لە گوند دەرچوین، بە دەستی لای چەپەوە قەبرستانێکی کۆنی لێبوو بە ناوی «چاکی حاجی شیرین». کێلەکانی ئەم قەبرستانە وەک زۆربەی هەرەزۆری قەبرستانە کۆنەکانی دیکەی وەڵات بەردی باریک و درێژن، ئەم گۆڕستانە زۆر جێی ڕێزی خەڵکییە، تەنانەت هەموو ئەو دارە وشکانەی کە تێیدایە کەس دەستیان ناداتێ و داری بەرداریشی تێدایە کەس میوەیان لێناکاتەوە، کارگ (قارچک)، کاردوو و گیای بەهارەش کە شین دەبێت تێیدا کەس لێیان ناکاتەوە، ئەم دیاردەیە فەرهەنێگی کۆنە و لە سەفەرێکم بۆ گوندی «شارۆش» لە بناری قەندیل، لە پاش گوند گۆڕستانێکی لەم جۆرەی لێبوو و بە هەمان دەستوور دەیانپاراست. ئەمەش دەوڵەمەندی فەرهەنگی کوردەواریمان پێشان دەدات.

پاش کەمێک ڕۆیشتن، پیکابێک بۆمان وەستاو تا گوندی پڵنگانی گەیاندین کە چارەکە سەعاتێک دەبوو، لە ڕێدا بە ناو دیمەن و باخ و باخاتی وەهادا دەڕۆیشتین کە وێنەی کەمە، سروشتی ئەم دۆڵە لە ئەحمەدئاوای هەورامانەوە نێزیکە بەڵام ئێرە تامێکی دیکەی هەیە. بەدرێژایی دۆڵەکە بە چەند گوندێکدا ڕۆیشتین کە هەموویان تەواو ئاوەدانن تا گەیشتینە پڵنگان. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە جادەی قیرتاو لە پڵنگان تەواو دەبێت، ئەم جادەیەش هی کاتی ڕژێمی پێشووە، پاش بیست ساڵ دەسەڵاتی کوردی تا ئێستا هیچ ئاوڕێک لەم خەڵکە نەدراوەتەوە، گەر مێژووی سەد ساڵەی ڕابووردویان هەڵبکەینەوە، سەنگ و ڕەنجی ئەم خەڵکە لەبن نایەت، کەچی هێشتا جادەکەیان خاکییە و خۆشیان بناخەکەیان دروست کردوە. ئەمەش زۆر ئاساییە چونکە لەوانیە بڵێیت کە حکوومەت فریا ناکەوێت، بەڵام دەردەکە لەوەدایە، هەر بەرانبەر خۆیان کە هەموو ناوچەکە بەئاگایە لەو کارە، دۆڵێکی دیکەیە کە لە گوندی دارەبەنەوە دەچێت بۆ گوندی گوڵان لە بناری چیای ماکۆک، هەمووی قیرتاوە، گوڵان گوندێکی گەورەیە و پێویستییەتی، بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنجە، لە پاش گوندی گوڵان جادەیەکی قیرتاو پێش دوو یا سێ ساڵ قیکراوە بۆ هەوارێکی یەکێک لە برادەرانی برادەران !بە درێژایی چەند کیلۆمەترێک بۆی قیرتاو کراوە کە تەنها وەک هاوینەهەوار بەکاردێت و باخ و باخاتێکی خۆشە، لەوانەیە بۆ داوەت و کات بەسەربردنی مێوانانی دەسەڵات تامی خۆی هەبێت! ئەوەیە پاداشتی ماندووبوون!

ئەوەی ڕاستی بێت قەت نەم دەزانی ئەم باسە وا درێژە دەکێشیت، گەشتێکی کورتی دووڕۆژە و ئەو هەموو داستان و بەسەرهات و زانیارییە، دەبێت گەر کار بۆ کۆکردنەوەی فەرهەنگی میللیمان بکرێت چەند کات و لاپەڕەی بوێت! دەی وا ئەم گەشتەش تەواو بوو و منیش بە دەڤەرێکی دیکەی وەڵاتەکەم ئاشنا بووم و شانازیم بە وەڵاتەوە زیاتر بوو. داستانەکانی خدر ئاغا و حاجی محەمەد و کۆشەشی کوێستاننیشینەکان کە یەکێکن لە بەرهەمهێنەکانی ئەم وەڵاتە، ئەوەندەی دیکە وزەی پێبەخشیمەوە کە بتوانم لەوانەوە فێری بەخشین ببم ....

کاروان عارف

ڕانیە – کوردستان

2011-06-19



چیای قەندیل
پشدەرەڕەقە
چیای کێوەڕەش
Raniyah
ناودەشت
سیبەن
وێچ
جەلکان
پیرانان
بیرمکە
دۆڵەڕەقە
US Dept of State Geographer
© 2011 Europa Technologies
© 2011 Cnes/Spot Image
©2010 Google


زەریاچەی ورمێ
چیای قەندیل
سورەدێ
ناودەشت
بێرمکە
سێبەن
وێنج
دۆڵەڕەقە
پیرانان
چیای کێوەڕەش
جەلکان
پشدەرەڕەقە
US Dept of State Geographer
© 2011 Europa Technologies
© 2011 Cnes/Spot Image
© 2011 Google
©2010 Google

لەم لینکەدا تەواوی وێنەکانی گەشتەکە دەبینیت،

[کلیکی ئێرە بکە]

یاخود

ئەم لینکە،

https://picasaweb.google.com/103254636392733968154/Le_MendemereweBoSuliAlliSeeman#slideshow/5623758000954996882